بایدن: حەماس ژنکی ئەمریکیی ئازادکردووە

جۆ بایدن، سەرکی ئەمریکا، لەبارەی دواین ئەنجامەکانی ڕێککەوتنەکەی حەماس و ئیسرائیل بە ئاگربەست ڕایگەیاند، "حەماس منداڵەکی ئەمریکیی تەمەن چوار ساڵ و ژنکی 45 ساڵی ئازادکردووە. ئەمریکا هەموو کارێک دەکات بۆ گەڕاندنەوەی بارمتەکان."

لەبارەی ئاگربەستەوە، بایدن ڕایگەیاند، "ئێگەر هەیە ڕۆژی دووشەممە ئاگربەستەکە درێژ بکرێتەوە، ئەمەش لە پێناو ئازادکردنی زیاتری بارمتەکان و ناردنی هاوکاریی زیاتر بۆ غەززە."

سەرکی ئەمریکا گوتی، "بە بەردەوامی لێگەڵ ئوردن، قەتەر، میسر، ئیسرائیل و سەرکردەکانی ناوچەکە لە پەیوەندیدا بووم بۆ ئەوەی هاوکاریی بنەڕەتی نەو غەززە و ئەو خەڵکەی کە پەیوەندییان بە حەماسەوە نییە سوودی لێوەرگرن."

لەبارەی بارمتەکانی دیکەوە بایدن گوتی، "هەموومان بە دوای ڕێگەیەک دەگەڕێین کە بارمتەکان ڕزگار بکەین و حەماس چیدیکە دەستاتی لە غەززە نەمێنێت."